سەید حەکیم جەخت لەسەر یەکێتی چوارچێوەی هەماهەنگی و کار کردن لەسەر بەدیلگاکردنی دەکات



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە نووسینگەی خەیدا لەبەغدا پێشوازی لە بەڕێز موحسن مەندلاوی سەرۆکی هاوپەیمانێتی ئاساس کرد، لەم دیدارە باس لە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە کرا لەگەڵ تاوتوێکردنی چەند دەسپێکی گرنگی نیشتمانی.

. بەڕێز حەکیم لەکۆبوونەوەکەدا پشتیوانی حکومەتەکەی بە عەلی زەیدی دووپاتکردەوە و جەختی لەسەر تەواوکردنی کابینەی حکومەت کرد کە بەشێوەیەک بێت کە لەگەڵ مەرجەکانی قۆناغی ئێستا بگونجێت و جەختی لەگرنگی هەڵبژاردنی وەزیری لێهاتوو کردەوە کە توانای بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری و سەقامگیریی هەبێت.
هەروەها سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە گرنگە چوارچێوەی هەماهەنگی یەکێتیز بێت بە ئاوێنەی پێگەی خەڵکی بەهێز بکات و پاڵپشتی ڕەوای سیاسی و چەسپاندنی سەقامگیری بکات، ئاوڕیشی کردەوە کە چوارچێوەی هەماهەنگی نموونەیەکی گرنگە لە ئیدارەدانی قۆناغەکە و پالپشتی پرسی سیاسی.